سوپای ئیسرائیل ئازادکردنی سێ بارمتەی راگەیاند

سوپای ئیسرائیل ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە ڕایگەیاند، پێشوازی لەو سێ ژنە زیندانییە کردوە کە بەپێی ڕێککەوتنی ئاوگێڕکردن لەلایەن حەماسەوە ئازادکراون.

وتەبێژی سوپای ئیسرائیل لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، ئەو سێ بارمتەیە ئێستا یەکەیەکی تایبەت لە هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل و هێزی شاباکیان لەگەڵدایە و لەڕێگان بەرەو ئیسرائیل، لەوێ پشکنینی سەرەتایی پزیشکییان بێ دەکرێت".

وتەبێژی سوپای ئیسرائیل داوای لە ڕایگشتی کردوە "بەرپرسیارێتی و هەستیاری نیشان بدەن و ڕێز لە تایبەتمەندی بارمتەکان و خێزانەکانیان بگرن".

ئازادکردنی ئەو ژنە زیندانیانە لەلایەن بزوتنەوەی حەماسەوە لە یەکەم ڕێژی ئاگربەست لە کەرتی غەززە دێت، ئازادکراوەکانیش بریتین لە ڕەمی گێنن تەمەن 24 ساڵ، ئێمیلی داماری تەمەن 28 ساڵ، دۆرۆن شتەنبەر خەیر تەمەن 31 ساڵ.